# ئاراستەی ستراتیژی نوێی بۆش!

## ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی

ئەمرۆ ئێراق بە قەیرانێکی ترسناک تێدەپەڕێ کە خودی قەیرانەکەش لە بۆشاییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەڵەکەبوونی چەندیین هەڵەی کوشندەی ئەمریکاییەکان، چ ئەوانەی پەیوەستن بە چارەسەرکردنی کێشەوگرفتە سیاسیو ئابووریو ئەمنییەکانەوە یان ئەوانەی ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و چۆنیەتی بنیاتنانو بەڕێوەبردنی ئێراق، وە بەشەکەی‌تری ئاکامی دوژمنکاری وڵاتانی ناوچەکەیە بۆ پرۆسەی سیاسی ئێستای ئێراق. لە چەند ساڵی رابردوودا وڵاتانی دراوسێی ئێراق لە هەموو ڕوویەکەوە هەوڵی شکستپێهێنانی پرۆسەی سیاسی ئێراقیان داوە. کشتوبڕی ئێستای خەڵکی بێتاوانی ئێراق هۆیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ ناشەرعی بوونی شەڕی ڕووخاندنی بەعسی فاشستی عەرەبی ئێراقو مەسەلەی "داگیرکاری ئەمریکاییەکان"، وەک چۆن میدیای عەرەبیو بەشێکی بەرچاو لە میدیای ڕۆژئاواییو سیاسییە ئۆپۆرتۆنیستەکانی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکان حەزدەکەن وەسفی بکەن، بەڵکو لە بنچینەدا ڕووخانی بەعسی عەرەبی هاوسەنگییەکی زاڵمانەی هێزەکانی لەناوخۆی ئێراقو ناوچەکەدا تێکوپێکداوەو جیاوازی بەرژوەندی وڵاتە زلهێزەکانیشی لە ناوچەکەدا شەفافتر کردۆتەوە. ڕووخانی بەعس تەنانەت کاریگەری جیدیشی داناوەو لە داهاتووش دادەنێ لەسەر پێکهاتەی دیکتاتۆریانەی دەسەڵاتو جوگرافیای سیاسیو کۆمەڵایەتی وڵاتانی ناوچەکە، هەربۆیە بەردەوامی تراژیدیایەکانی ئێستای ئێراق مەسەلەیەکە گرێدراوە بە دەستێوەردانو کێشمەکێشی ئەجندە دوژمنکارییەکانی وڵاتانی ناوچەکە بۆ پرۆسەی سیاسی ئێراق، نەک بە مەسەلەی ناشەرعی بوون یان نەبوونی ڕووخاندنی ڕژێمێکی شۆفینستو فاشستی وەک بەعسی عەرەبی.

لە ستراتیژە نوێیەکەی سەرۆک بۆشدا زۆر شتی باشو پۆزەتیڤ هاتوونو نزیکەی تەواوی ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی ڕاپۆرتی بێکەر - هامڵتۆنیش فەرامۆش کراون. دەتوانین خاڵە بنچینەیەکانی ستراتیژە نوێیەکەی بۆش لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

یەکەم: ئێراق بەرەی یەکەمی شەڕی دژە تیرۆرەو سەرکەوتن لەم شەڕەدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە چارەنووسی نفوزی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەو ئاسایشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیش پتەوو بەهێزتر دەکات.

دووەم: بوونی دەستێوەردانی سلبیانەی وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتی ئێرانو سوریا، لە کاروباری ناخۆی ئێراق کێشەکانی قوڵتر کردۆتەوە، لێرەوەش بنبڕکردنی ئەم دەستێوەردانانە بە قازانج سەقامگیری ئێراقو ئاسایشی ناوچەکە دەگەڕێتەوە.

سێیەم: لێدانو پەراوێزکردنی توندڕەوە شیعیو سوونییەکان، دانی دەسەڵاتی زیاتر بە ئێراقییەکان لە بواری پاراستنی ئاسایشو شەڕی تیرۆریستەکان، یارمەتی ئێراقییەکان لە بواری ئابووریو زەمینە خۆشکردن بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانیو بەشداری پێکردنی زیاتری لایەنە جۆراوجۆرەکان لە پرۆسەی سیاسی.

چوارەم: وەفاداربوون بە ئێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتو فیدراڵ.

ئەگەرچی بە گرێدانی ئەم خاڵانەی سەرەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانو قوتببەندییە سیاسیو تایفیەکانی ناوچەکەو وەچەرخان لە هەڵوێستی وڵاتانی میسرو سعودیەو ئوردن بە ئاراستەی پشتگیریو سەرخستنی ستراتیژە نوێیەکەی بۆش، ئاسۆی سەرکەوتنی ستراتیژەکە ڕۆشنتر دەکا، بەڵام گرێی بنچینەیی ستراتیژەکە ناکاتەوە. بۆچی؟ چونکە سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی ستراتیژە نوێیەکەی سەرۆک بۆش پەیوەندی بە ئاراستەی سیاسەتی ناوەندی ستراتیژەکە هەیە نەک تەنیا بە پەلوپۆو ئامرازەکان. ڕاستە لە ستراتیژەکەدا هاتووە کە "تەنیا ئێراقییەکان خۆیانن دەتوانن کۆتایی بە شەڕو پێکدادانی تایفیو ناوخۆیی بێنن" بەڵام وڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا بارودۆخی ئێستای ئێراق هیچ بوارێکی بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی سوننەو شیعەو مانەوەی ئێراقێکی یەکگرتوو هێشتۆتەوە؟ دەست ناکەوێ. بەداخەوە لە جیاتی دیتنی بنچینەی کێشەکانی ئێراق دیسان مەسەلەی یەکپارچەیی ئێراق بە بەڵگەنویست وەرگیراوە. تا ئێستاش زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی ئێراق، کە پێموایە نیەتی سیاسییان جێی گومانە، بانگەوازی دانبەخۆگرتنو دوورکەوتنەوە لە شەڕی ناخۆیی دەکەن، بەڵام ئەو بانگەوازانە کافی نیین، چونکە شەڕی ناوخویی تەنها لەوێوە سەرچاوە ناگرێ کە ئایا سەرکردە سیاسییەکان داواکاری هەڵگیرساندنی شەڕن یان نا، بەڵکو کێشە لەوەدایە کە ئایا ئەو سەرکردانە داواکاریەکانیان لە شەڕی ناوخویی زیاترە یان نا؟

ڕەنگە بەکارهێنانی زەبروزەنگ، لە کورت ماوەدا، ئێراق لە ڕووی ئەمنیەتیەوە ئارام بکاتەوە، وەلی سەقامگیری سیاسی نایێنێتەدی. بۆچی؟ چونکە لە بنچینەدا سەرچاوەی تراژیدیایەکانی ئێستاو ڕابردووی ئێراق پەیوەندی بە ئەمنیەتەوە نییە، بەڵکو کێشەی ئەمنیەتی بەرهەمی شەڕی ناسنامەو پێناسەی ئێراقە، شەڕی مافی سەروەریو جوگرافیای پێکهاتەکانی ئێراقە، کە ئەمانە بەداخەوە تا ئێستا ئاراستەکەری ناوەندی سیاسەتو ستراتیژی حکومەتی بۆش نین. من پێموایە تەنیا ستراتیژێک کە ئاراستەکەی دابەشکردنی ئێراق، بە لایەنی کەمەوە بۆ سێ هەرێمی نیمچە سەربەخۆ، بێت دەتوانێ سەقامگیری سیاسی پتەو درێژ لە ئێراق بێنێتە دی.

من بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە ستراتیژە نوێیەکەی بۆش دەکەم، نەک لەبەرئەوەی کە کەموکوڕی تێدا نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی ئێستای ئێراق بە باشتر دەبینم بۆ کورد لە چارەنووسی نادیاری شکستی ئەم پرۆسەیە. بۆیە بۆ کوردو ئەو لایەنە سیاسیانەی ئێراق، کە سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە قازانجی خۆیان دەبینن، ڕەنگە حکومەتی بۆش باشترینو دوایین حکومەتی ئەمریکی بێت کە ستراتیژێک، وەک ئەوەی ئەمڕۆی حکومەتی بۆش، دابڕێژێ نزیک بێت لە ئامانجەکانیان. بۆچی؟ چونکە دیموکراتەکانو زۆرێک لە ناوەندە سیاسییەکانی ئەمریکا بەرهەڵستی توندی ئەو خاڵو لایەنانەی ستراتیژە نوێیەکەی بۆش دەکەن کە دروستو پۆزەتیڤن بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی ئێراق. بۆ نموونە، لە بەرامبەر پێداگرتنی توندی سەرۆک بۆش لەسەر بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی سیاسی ئێراقو پەیوەست کردنەوەی ئەمەش بە بەرژەوەندییەکانو ئاسایشی ئەمریکا لە کورت ماوەو درێژماوەدا، ئەوا دیموکراتەکانو بەشێکی بەرچاویش لە ناوەندە سیاسییەکان ڕەشبینن بە باشبوونی بارودۆخی ئێراق، بۆیە داوای کشانەوەی سووپای ئەمریکی دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی عەمەلیو واقیعی بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی ئێراق بە دەستەوە بدەن. تا ئێستا ئەڵتەناتیڤی سیاسی دیموکراتەکان بۆ ئێراق بێجگە لە راکردن هیچیتر نییە، کە ئەمەش لە لایەک گەمژەیی سیاسیو تێنەگەیشتنیان لە ئاکامو کاریگەرە درێژماوە ترسناکەکانی شکستی ئەمریکا لە ئێراق دەگەیەنێ، ئەوا لە لایەکیتر

بێویژدانیو خیانەتکردنە لە دۆستەکانیان لە ئێراق. لەو ڕاستایە دایە، کە ئەگەر بۆ سەرۆک بۆش سەرکەوتن لە ستراتیژە نوێیەکەی مانای ڕێگرتنە لە بەهێزبوونی زیاتری دیموکراتەکان، ئەوا بۆ خاوەنانی پرۆسەی سیاسی ئیستای ئێراق مانای ڕێگرتنە لە چارەنووسێکی نادیار.

3 **فێبریوەری** 2007